# شیعرەکانی حاجی قادریی کۆیی
# لە نێوان
# پەیام و جوانیدا...!

**دارا محمود**

دەربارەی شاعیری گەورەی کورد حاجی قادریی کۆیی، گەلێک نووسراوە،و گوتراوە. شیعرەکانی ڕاڤەکراون و لێکدراونەوە. و ئەو وەک یەکێک لە مەزنترین شاعیرانی کلاسیک ناوبراوەو بەڕاستیش شایستەی وەها وەسفێکە. بەڵام بە بڕوای من هەرچی لەسەر ئەم شاعیرەمان نووسراوە بە هۆی تاکڕەهەندی و جەختکردن لەسەر یەک یان تەنیا چەندلایەنی بەرهەمە شیعرییەکانی و پشتگوێ خستنی لایەنەکانی تری، لە ئاکامدا ناتەواوو ناکامڵ بوون.

لەخۆم ڕادەبینم حاجی قادر وەک شاعیرێکی سۆفی، عاشق، نیشتمانپەروەرو بەلەبەرچاوگرتنی قۆناغ و سەردەمی خۆی، شاعیرێکی پێشکەوتووخواز ناو ببەم. بەڵام بەداخەوە لەزۆربەی هەرەزۆری ئەو بابەتە ڕەخنەییانەی دەربارەی ئەو نووسراون، تەنیا جەخت لەسەر لایەنی نیشتمانپەروەرانەی ئەو بە بایەخی چاوپۆشی لەلایەنەکانی ترکراوەتەوە. و ئەمەش وایکردووە لەسەرێکەوە جوانی شیعرەکانی بەبایەخی گەڕان بەدوای واتای شیعرەکانیدا پشتگوێ بخرێت . و لەسەرێکی تریشەوە لەبری هەڵسەنگاندنی شیعرەکانی، حاجی و کەسایەتییەکەی ببنە مایەو ئامانجی هەڵسەنگاندن.

دیارە ئێمە نیازمان نییە لایەنی نیشتمانپەروەرانەی ئەو نێگەتیف نیشانبدەین، بە پێچەوانەوە هەستی نیشتمانپەروەریی لای حاجی هەستێکی مرۆییانەی بەرزو پۆزەتیفە. بەڵام کاتێک ئامانج هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی شاعیرێک بێت نەک ڕێبەرێکی سیاسی، جوانی و خەیاڵفراوانی و دەسترەنگینی لە بەکارهێنانی زمان لە پلەی یەکەم دادەنرێن نەک ئایدیۆلۆژیا یان بەگشتی بیرو باوەڕی شاعیر.

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا لە هەڵسەنگاندنی ڕەخنەییانەی شیعرەکانی حاجی قادردا تووشی دوو گرفتی سەرەکی دەبین:

یەکەم/ ئەوەی لە بەرهەمەکانی حاجی قادردا وەک تەواوی بەرهەمە کلاسیکییەکانی کورد لە بەرانبەر چەندان دەق و دەستنووسی جۆربەجۆردا خۆمان دەبینینەوە. کە بەڕاستی هیچ دیار نییە کامەیان ڕاستیەکانن و حاجی بۆخۆی کامەیانی نووسیوە. گەرچی بەگریمانەو بەڵگەی جۆربەجۆر دەگوترێ کە فڵانە بەیت لەهی حاجی دەچێت و فیسارە بەیت نا، بەڵام لە ئاکامدا ئەمانە هەموو لەجوارچێوەی بۆچوونی تاکدا دەمێننەوەو ئەو بەڵگە گردە بڕەی بەدەستەوە نییە کە بە هەمووان بسەلمێنێت. بۆیەش هەمیشە ئەو پرسە گوماناویە دەمێنێتەوە کە ئایا ئێمە، ئەوەی هەڵی دەسەنگێنین هەموو بەرهەمی حاجی قادرن..؟

دووەم/ گەرچی من لە بناغەدا باوەڕم بەو شێوازە ڕەخنەییەیە کە لەبری کەسایەتی شاعیر یان نووسەر، بەرهەمی ئەدەبی هەڵسەنگێنین. بەڵام کاتێک دەقێک دەربارەی خودی نووسەر یان شاعیر بێت ئیتر چۆن

**دەتوانین هەڵسەنگاندنی ئەو کەسایەتییە پشتگوێ بخەین. کە ئەمە لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی حاجی قادردا خۆی دەسە پێنێت. و ئێمەش ناتوانین ڕووی لێ وەرگێڕین.**
**بەڵام بۆچارەسەرکردنی ئەم دووگرفتە ڕێگایەکم پێ شکنایەت و بە ناچاری تاکۆتایی لە گەڵ گوماندا بەسەردەبەین.**

**<u>جوانی شیعرو پەیام</u>**

**ئەوەی کە پتر بۆ نووسینی ئەم چەند لاپەڕەیە هانیدام لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە لەجوانی شیعر لەلایەکەوەو پەیام لەلایەکی ترەوەو بەراووردکردنی ئەم دووانەو پێگەو ڕادەی گرنگی پێدانی شاعیر بۆیان، بە پێێ کاریگەریی دووفاکتەری کات و شوێن، کە مایەی سەرنج و لێوردبوونەوەن. و بەبڕوای من ئاست و پلەی شاعێرێتی حاجی قادر زۆرتر لەم دوو لایەنەوە دەردەکەوێت. و باقی بوارەکانی تر بە پلەی دوو،و سێ دێن. کە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم باسە بەپێێ پێویست لەوانیش دەدوێێن.**
**بە پێچەوانەی بۆچوونی زۆربەی ڕەخنەگران و خوێنەرانی کورد کە لایەنی نەتەوەپەروەری وەک ئیمتیازێک دەگێڕنەوە بۆ شیعرە نیشتمانی و واتادارەکانی حاجی قادر، من پێموایە ئەگەر بە سەلیقەیەکی زۆرترەوە بۆ وردەکارییەکانی ئەو جۆرەشیعرانە بڕوانین دەبینین دروست لایەنی لاوازی شیعرەکانی لەم جۆرە بەرهەمانەدا بەرچاودەکەون.**
**حاجی قادر وەک هەر شاعیرێکی تر خاوەنی بەرهەمی باش و کەمتر باش. جوان و کەمتر جوان. بەرزو کەمتر بەرزە... بەڵام واپێدەچێ خۆشەویستیمان بۆ ئەم شاعیرە، ڕێگای ئەوەی لێ گرتبین بەدیدێکی ڕەخنەگرانەوە شیعرەکانی بخوێنینەوە. وەک ئەوەی پێشوەخت بڕیارمان دابێ و لەگەڵ یەکتر ڕێکەوتبین کە تەنیا ستایشی بکەین.**
**لەشیعرەکانی ئەم شاعیرەماندا گەلێک جار دوو واژەی (صورەت و مەعنا) چەند بارە دەبنەوە. لە هەندێک جێگادا وەک دووچەمکی فەلسەفی و لە هەندێک جێگای دیکەشدا دوو چەمکی ئەدەبی و یانیش هەردووک ئاوێتەی یەکتر دەبن و پێکەوە خۆدەردەخەن.**
**ئەگەر سەرەتا چەند نموونەی جوان بخوێنینەوە دەبینین، شیعر وەک حاڵەتێکی عەفەویانەو لەهەمان کاتدا زادەی خەیاڵێکی قوڵی شاعیری خۆی دەسە پێنێت:**

هێندە صوورەت زۆر بووە ، مەعنا لە بەینا وون بووە
ئێستەکێ بێ صوورەت و مەعنایە عەیبی بت پەرست

**لەم بەیتە شیعرییەدا شاعیر دەڵێت، کە شتە ڕواڵەتییەکان هێندە زۆربوون کە ناوەرۆک لە ناوچووە. و کەس بۆ گەوهەر ناگەڕێت. کەچی لەگەڵ ئەمەشدا بتپەرست نە ڕواڵەتێکی هەیەو نە نێوەرۆک. دوو چەمکی بت و بت پەرستیش، خاوەنی دوو واتای ئیستیعارەیین و دەکرێ چەندان واتایان بۆ ببینینەوە. یەک لەم واتایانە ئەمەیە کە بتپەرست خودی (حاجی)ەو بتیش خۆشەویست و مەعشوقە، یان ئەو شتەی بە مەبەستی**

**بەجێگەیاندنی ئارەزووەکان مرۆ پەنای بۆ ببات. و لەمەش بەولاوە دەتوانرێ چەندان واتای تریش بۆ ئەم دابنێین.**

**شاعیر لێرەدا کاری بە (بت)دا نییەو عەیبدار خۆی (بتپەرست)ە کە لەم جیهانە پڕ ڕازو معەمایەدا هێندە خۆی بچوک دەبینێت. کە نە ڕوالەت(صورەت)ێک و نە واتا (مەعنا)یەکیشی بۆ دەبینرێتەوە. ئەم هەستەش پتەوتر دەبێت و زۆرتر پەرەدەستێنێ کاتێک بیر لە مەرگ و پیری دەکاتەوە. کە ئەم دووانە نە شا دەناسن و نە گەدا:**

کامە لوقمان کەوتە چەنگی پیری ، دەستی بانەدا
کامە ڕۆستەم تووشی بوو، نەی خست و دەست و پێی نەبەست

**بەلام هەروەک پێشتر گوتمان، شاعیر دووچەمکی (صورەت و مەعنا) تەنیا لە پرس و دیدە فەلسەفییەکانیدا بەرچاو ناکەوێت بەلکو لە هونەری ساختاریی شیعرەکانیشدا. کە لایەنە لاوازەکانی شیعری حاجی لەوێدا بەدیار دەکەون. واتا شاعیر لە ئەنجامی بڕیارێکی خۆی و بە مەبەستی گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو، جڵەوی شیعر لە خەیاڵ دەستێنێتەوەو لە حاڵەتی مەستبوونی شاعیرانەو عەفەویەت دەریدەهێنێت و دەیخاتە ناو جیهانێکی تر کە لەوێدا بەرژەوەندی، ئایدیۆلۆژیا، ململانێی سیاسی...زاڵ دەبن و شاعیر هۆشیارانە واتایەکی دیارییکراوو پەیامێک کە مەبەستییەتی بە شیعرەکانی دەبەخشێت. بەلام هەرکات فۆرم و جوانکاری شیعر دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەیاندنی ئەو پەیامەدا، ئەو پەیامەکەی بۆ گرنگترەو دەست لە جوانی شیعرەکەی هەڵدەگرێت و تەنانەت چاو لە هەڵە ئەدەبییەکانیش دەپۆشێت و یاسای شیعر بن پێ دەخات:**

لە پێشا خاکی مە لانەی پڵنگ و شێری ئازا بوو
ئەمێستا مارومێروو، گورگ و ڕێوی لێ دەکەن سەیران
لەکوێ ما نەعرەتەی تەقڵەو جلیت و ڕمب و ڕمبازی!
لەکوێ ما دەنگی زوڕناوودەهۆڵ و شایی یو سەیران!

**لەم دوو بەیتەدا (سەیران) کە وەک سەروا بەکارهاتووە جگە لە دووبارەبوونەوە، شتێکی تر نییەو پێش واژەی سەیران لەدوو مەسرەعی ئەم دوو بەیتەدا هیچ پیتێکی وەک یەک و هاوسەروا لە ئارادا نییە. هەڵەیەکی ئاواو، پشتگوێ خستنێکی ئاشکرای هونەری شیعر لە بەرانبەر گەیاندنی پەیامێکدا، لە شاعیرێکی وەک حاجی قادر ناوەشێتەوە مەگەر ئەوەی بە زانابوون کردبێت ی بۆی گرنگ نەبووبێ.**

**هەمان هەڵەی هونەری لە چەندان شوێنی تر دووبارە دەبێتەوە:**

پاڕانەوەو تەوەککول لەم عەصرە پارە ناکا
تیرە دوعایی جەوشەن پەیکانە حیرزی مەیدان
بۆچی بەشیری ئێمە یەعنی ڕەسوولی ئەکرەم
هیچ ئەدعیەی نەزانی ڕۆژێ کە دەچووە مەیدان

**لەم دوو بەیتەشدا واژەی مەیدان بێ ئەوەی پیتەکانی پێشەوەی لە دوو مەسرەعدا هاوسەروابن، دووبارەبۆتەوە. ئەمە لە حاڵێکدا لاوازی لەم جۆرە هەرگیز لەو شیعرانەدا بەدی ناکرێن کە مەبەستی شیعر نواندنی هونەرە نەک گەیاندنی پەیامێکی دەستکرد.**

**هەروا ئەگەر هەر لەم سۆنگەیەوە بۆ شیعرەکانی حاجی قادر بڕوانین لەبەر هەمان هۆکاری سەرەوە جەندان لایەنی لاوازی تر دەبینینەوە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری سەروای شیعرەکان و جۆراوجۆری ئەو سەروایانە بکەین دەبینین ئەو پیتانەی وەک سەروا بەکارهاتوون دیاریکراون و تەنیا بە دە پیت سنووردارن.**2 **بۆ نموونە: لە کۆی حەفتاوحەوت هۆنراوەی ستوونیی ناو دیوانەکەی، بیست و چوار هۆنراوە بە سەروای پیتی (ه)، بیست و سێ هۆنراوە بەسەروای پیتی (ی)، هەشت هۆنراوە سەروای پیتی (ا) کۆتایی هاتوون...و لە ئاکامدا دەبینین شاعیر نەیتوانیوە سوود لە پیتەکانی ب،ج،ح،خ،د،ز،ش،گ،ل،ف،ق،ڤ،ع،غ...وەربگرێت و ئەمەش بەو واتایەیە، کە خۆی لەسوودوەرگرتنی سەدان واژەی کوردی بێ بەش کردووە. و لەهەمان کاتدا بواری یاریکردن و سوودوەرگرتنی زمانەوانیشی لەخۆی تەسک کردۆتەوە.**

**هەروا حاجی قادر تابەلای نەتەوە پەروەریدا دەچێت شیعرەکانی لە ڕووی کێشیشەوە لاواز دەبن و هەڵەیان تێدەکەوێت:**

هە موو یان ڕەم زو کا نی عیر فا نن
10 9 8 7 6 5 4 3 2 1
فێری بن چونکە خزمی خۆمانن

**دەبینین کێشی ئەم بەیتەی سەرەوە دەبڕگەییە کەچی لە هەمان هۆنراوەداو هەردوبەدوای ئەم بەیتەدا، بەیتێکی تر دێت کە کێشەکەی یانزە بڕگەییە:**

مە م و زی ن و دی وا نی شێ خی ج زیر
11 10 9 8 7 6 5 4 3 2 1
گەلێ چاکن بە سەهلی بێننە گییر

**یان لە هۆنراوەیەکی تردا هەمان هەڵە دووبارە دەبێتەوە دەبینین ئەم بەیتەی خوارەوە دە بڕگەییە:**

حاکم و میرەکانی کوردستان
هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان

**بەڵام ئەم بەیتەی تر و لە هەمان هۆنراوەدا یانزە بڕگەییە:**

یەکێ لەم لاوە ڕوودەکاتە عەجەم
دوو لە ئەولاوە دەبنە دوژمنی هەم

**بەمجۆرە هەڵەکانی کێش و سەروا لەم نموونانە زۆرترن. بەڵام ئەم خەسڵەتە نێگەتیفە لە سەرێکی ترەوە بۆی بۆتە خەسڵەتێکی پۆزەتیف و ئیمتیازێکی تری پێ بەخشیوە؛ وەتا دەبینین هەتا شاعیر لەسۆنگەی نەتەوە پەروەرییەوە لەپێناوی پەیامدا کەمتر گرنگی بە جوانی و هونەری شیعر دەدات زمانەکەی پاراوتر دەبێت.**

**ئەمەش ئاشکرایە کە هەستی نەتەوە پەروەرییەکەی ئەو پاساوەی دەداتێ. چونکە زانینی زمانی دایک و پەرەدان و پێشخستنی ئەو زمانە سیمایەکی نەتەوە پەروەرین.**
**پاراوی شیعرە نیشتیمانییەکانی حاجی قادر لە ئاستێکدان کە بۆ نموونە لەبەراوردکردن لە گەڵ شیعرە کلاسیکییەکانی گۆراندا کە پتر لە نیوسەدە نێوانیان هەیە، شیعرەکانی حاجێ پاراوترن. بۆنموونە گۆران شیعری لەم جۆرەی هەیە::**

ئەی حوسنی طولووع وێنەیەکی فەیضی حوضوورت
ئەی حوزنی غورووب ڕۆژی ڕەشی دووریی تەباهت
ئەی کۆشک و سەرای باغی بەهەشت مەیلی ثەوابت
ئەی ئاگری دۆزەخ شەرەری خەشمی گوناهت

**کەچی لە بەرهەمەکانی حاجی قادردا نموونەی وامان هەیە کەدەتوانین بڵێین زمانی ئەمڕۆیە، یان هێندەی جیاوازی نییەو لانیکەم بەلای خوێنەرێکی عەرەبی نەزانەوە هێندە نامۆ نییە:**

خرینگ و هۆڕی قوڵینگ و قەتاری سی لەسەران
دەیێت و کەودەفڕێت و شەهێن چریکە دەکا
لە پییرە پییرو لە سمکۆڵی پییرە گاکێوی
دەلەرزێ گاوی زەمین و دەترسێ گاوی سەما
لەدەنگ و دووکەڵی شینی تفەنگی نێچیرەوان
میثالی سونبولی زوڵفێ کە تێک بچێ بە صەبا
چیایە شێخ و کەوای سەوزە، مێزەری بەفرە
سیواکی چووزەرە ڕێواسە، تەیلەسانی گەڵا

**جگە لایەنی زمانەوانی لەڕووی کێشیشەوە حاجی قادر بەرەبەرە لە کێشی عەروز دووردەکەوێتەوەو پتر بە لای کێشی کوردی (بڕگەیی)دا دەچێت. بەڵام سنووردارن تەنیا بە جۆرەکانی (دە)،و (یانزە) بڕگەیی.**
**بەگشتی حاجی قادر ئەم گەڕانەوەیەی بۆ زمان و کەلەپوری کوردی هەروا بێ ئاگایانەو عەفەویانە نەبووە. بەڵکو ئەم کارەی بەزانابوون ئەنجامداوە، چونکە دەڵێت:**

بەڵام ئەفکاری خۆمە نەظمی کوردی
لە خومخانەی خەیاڵی صاف و ووردی

**<u>بەهەڵەداچوون لە پێشبینیدا</u>**

**لە زۆر شوێندا لەو سۆنگەیەوە ستایشی حاجی قادر دەکرێت کە مرۆڤێکی وردبین بووەو بە باشی پێشبینی داهاتووی کردووە، و تائەو جێگایەی هێندەی نامێنی بیکەنە کەرامەتدار. و تەنانەت خۆشی لەکەرامەتی خۆی دەکەوێتە گومان و دەڵێت:**

ئەم بەئەو، ئەوبەئەم دەڵێ:کاکە
سەیری قانوونی حاجی چەند چاکە!
هەرچلۆنێ ئیشارەتی فەرموو،
وەک کەرامەت هەمووی وەها دەرچوو

**گەرچی هەر لە بناغەدا پێویست نییە ئەو چاوەڕوانییەمان لە شاعیرێک هەبێت پێشبینی داهاتوو بکات. بەڵام کاتێک شاعیر هەوڵی وەها کارێکی دا، بۆدەبێ ئەو پێشبینیانەی بۆ بکەینە ئیمتیاز..! ئەمە لە حاڵێکدا کە بەشێکی گرنگ لەو پێشبینیانەی بە هەڵەدەرچوون.**
**ئامۆژگاری و هۆشدارییەکانی حاجی قادر و پێشبینییەکانی پتر لە قەسیدە بەناوبانگەکەی (خاکی جزیرو بۆتان)دا دەردەکەوێت. کە لەوێدا هێرش دەکاتە سەر ئەرمەنییەکان و (لەسۆنگەی مەزهەبەوە) لەو باوەڕەدا دەبێت مەترسی سەرکوردان ئەرمەنییەکانن نەک عوسمانییەکان و دەڵێت:**
خاکی جزیرو بۆتان، یەعنی وڵاتی کوردان
صەد حەیف و صەد مەخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان
....
هیچ غیرەتێک نەماوە صەدجار قەسەم بە قورئان
پەیدابێ ئەرمەنستان نامێنێ یەک لە کوردان

**گەرچی ئەم قەسیدەیە پڕە لە پەیام و ئامۆژگاری جوان. بەڵام پتر لە هی ڕێبەرێکی سیاسی دەچێت تا شاعیرێک. کە ئەمڕۆش دەردەکەوێت لە پێشبینییەکانیدا بە هەڵەدا چووە. هەرچەندە بەهەڵەداچوونی هەر مرۆڤێک، چ شاعیر بێت یان کەسایەتییەکی تر بەگشتی زۆرگرنگ نییەو لەهەرکەس چاوەڕوان دەکرێت، بەڵام پرس لێرەدا ئەمەیە کە بۆچی دەبێ شاعیرێک خوێندنەوەی داهاتوو بکاتە ئەرکی خۆی..؟**
**بێگومان ئێمەدەبێ دەرک بە قۆناغ و هەلومەرجی ژیان و دەربەدەرییەکەی حاجی قادر بکەین. و لەڕووی شێوازی بیرکردنەوەو دیدو خوێندنەوەی بۆ ڕووداوو دیاردەکانی سەردەمی خۆی، ئێمە ئەو مافەمان نییە ئەو ڕەخنەیە لە شاعیر بگرین و ڕووبەڕووی ئەو پرسەی بکەینەوە کە چما وەها بیری کردۆتەوە..:؟ پرسێکی وا نە لۆژیکمەندانەیەو نە پێویستیشە. بەڵام پرسی ئێمە ئەوەیە کە ئایا ئەرکی شیعر خوێندنەوەی داهاتوو، و کەشف و کەراماتە..؟ کە بێگومان کاتێک لە خۆ وردبینەوەو دان بەمەدا بنێێن کە ئەم پرسەی دواییش هەر لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی ئەمرۆییمانەوە لەدایک بووە، ئەویش گرنگی خۆی لەدەست دەدات. بەڵام بە دڵنیاییەوە لە ئەنجامی ئەم کێشمە کێشانەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە هەرکات شیعر لە ئاکامی تەقینەوەیەکی سروشتی دەروونەوە لەدایک بووبێت، شانسی ئەوەی ببێتە شیعرێکی بەرز چەندان جار زۆرترە لەو شیعرەی پێشوەخت ئەرکێکی لەدەرەوەی هونەر بۆ دیاری کرابێ.**
**ئەوەتا حاجی بۆخۆشی دەڵێت:**
بەیتەکان عەیبی مەکەن خوارو کەچن
مەقصەدم لەم بەندوباوە دەربچن

**واتا بە زمانێک پێمان دەڵێت کە: ئاستی چاوەڕوانیتان لە شیعرێکانم هێندە بەرز مەکەن و چاو لەکەموکورِیەکانی بپۆشن. چونکە من مەبەستێکی ترم هەیە...! ئەو مەبەستەش بریتییە لە هەستی بەرپرسیارێتی. واتا ئەو پێی وایە کە شتێک دەزانێت و ئاگاداری شتێکە کە نەتەوەکەی لێێ بێ خەبەرەو گەیاندنی ئەو زانیاری و ئاگادارییە بە ئەرکێکی مەزن و تەنانەت پیرۆز دەزانێت بۆیە خۆی بە مەهدی دەچوێنێت و دەڵێت:**

ئەوا خۆی کردە مەهدی حاجی قادر
نە نادر شای هەیەو نە شاهی نادر

**<u>حاجی، خواپەرستی و سۆفیگەریی</u>**

**حاجی قادری کۆیی مرۆڤێکی خواپەرست و خاوەن باوەڕ بووە. و لە شیعرەکانییەوە تێدەگەین کە هیچ گومانێک لەم قسەیەدا نییە. بەڵام دیدی ئەو بۆ ئایین بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئەوکاتە کەم وێنەیە. و جێگای ستاییشە. و ئێمە ئەمڕۆش زۆر کەسایەتی و ئێوەندی وا دەبینین کە هێشتا زۆریان ماوە بگەنە ئەو ئاستەی کە حاجی قادر، پتر لەیەک سەدە پێش ئێستا پێیگەیشتبوو. و ئەو بە ئاشکراو ڕاشکاوانە دژی ئەوەیە کارەکان بەخوا بسپێردرێن و پاڕانەوەو دوعا ببنە ئەڵتەرناتیڤ و ڕێگری خوڵقاندن و داهێنان. بەڵکو دەستەبەرکردنی فاکتەرو میکانیزمە مادییەکانن دەبنە زامنی زاڵبوون بەسەر گرفتەکانی ژیاندا.**

**لەملاشەوە باوەڕو خواپەرستی بەو نهێنییە دەروونی و ڕۆحییە دەزانێت کە لە نێوان تاک و خوادا هەیە. و ئەو ڕواڵەتە ئاینییە ساختەکارانەیە ڕەتدەکاتەوە کە لە کۆمەڵگادا بۆ ناوو ناوبانگ و دەستکەوتی مادی بەکادەهێنرێن:**

شکڵی تەکیەو خانەقاهی شێخەکان
واقعا ڕەنگینە ئەمما بۆ ڕیان

**یان**

فائیدەی گەر بدایە زیکرو دوعا
دەبووە قاروون گەدایی سەر ڕێگا

**بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا حاجی لەدەرگایەکی ترەوە دەچێتە ناو باوەڕو خواپەرستیەوە. ئەویش دەرگای سۆفیگەرییە. ئەو سۆفی بووەو لەکەم جێگادا هەیە گەردەلوولی بیرکردنەوە بە قوڵایی تەسەوفدا نەیبردبێتە خوارێ. توانەوەی ئەو لە ئەوینێکی گەرمی سۆفیانەدا، ڕەبەنی و تەنیایی و دوورکەوتنەوە لە چێژو خۆشییەکانی ژیان، خودی شاعیرێتی و سەمای سۆفیانە، نامۆیی بەخۆو بەژیان و دڵشکان...سیمای سۆفی بوونی ئەون:**

ئەم ئەرزە کۆنە هەوارە، خەلایقیش کۆچە
تەماعی سووری نەبێ کەس لە ژێری چادری شین

دووگەز زەمین و سێ گەز جاوو مسته خۆڵێکه
لیباسی پێخەف و ڕایەخ هەتا دەگاتە سەرین

**حاجی هەر لە دەرگای سۆفیگەرییەوە، لە ڕازی هەبوون ڕادەمێنێت و خۆی لە بەرانبەر پرسە فەلسەفییەکاندا دەبینێتەوەو لەوەڵامی بێ چەندو چۆن و گردەبڕ دەستەوەستان دەمێنێتەوەو سەرئەنجام هێندە هەست بە بێتوانایی دەکات کە ئیتر دەخوازێت، دەست لە گەڕان بەدوای وەڵامەکاندا هەڵگرێت:**

ئەم دەستە کە چوو دەستەیەکی تازەیە دێ
مەعلووم نەبوو ئەم کەشمەکەشە کەی دەبڕێ
عالەم هەموو مردن لە غەمی زانینی
ئەم حیکمەتەیان نەزانی هیچ لێێ مەگەڕێ

**حاجی قادر هەر لەم دەرگایەوە دەچێتە جیهانی مەعریفەوەو چاکەو خراپە، خێرو شەڕ... بەبەرهەمی ئەو مەعریفەیە دەزانێت. مەعریفەیەک لەو ڕۆژەوە دەست پێدەکات کە ئادەم لە ئەنجامی خواردنی سێوی بەهەشت بە فیتی حەواوە دەبێتە خاوەنی و لەبەهەشت دەرکردنیان و پەیدابوونی چاکەو خراپە، و ملکەچی و گومڕایی...هەر بەرهەمی ئەو مەعریفەیەن:**

ڕێی نیشانی ئێمەدا ئەو ڕۆژە ئادەم دەرکرا
بویەکی ئەم عالەمە بێ شۆڕش و بێ شەڕ نەبوو
...
کێ گەڕی پێ کردبووی تووشی بەڵای خۆتم بکەی
ئەودەمە باسی عەزاب و دۆزەخ و کەوسەر نەبوو

**هەر لەو جیهانە پڕ ڕازەدا حاجی قادر خۆدەهاوێتە ناو پرسێکی تری فەلسەفیەوە ئەویش (کات)ە.**
**ڕابردوو، حاڵ، داهاتوو. سێ ڕەهەندی زەمان هەمیشە کاریگەریی جۆراوجۆریان لەسەر مرۆڤ(تاک یان کۆمەڵ)، سیاسەت، ئایدیۆلۆژیا، مەزهەب...هەبووەو دەبێت. و لەژێر کۆمەڵێک کاریگەرییدا هەر یەک لەمانە دەتوانێت گرنگی پتر پەیدا بکات و هەست و مێشکی مرۆڤ بەخۆیەوە گرێ بدات.**
**بۆ نموونە لە حاڵەتی شکەست و ونبوونی دەروونی و لەدەستدانی بایەخەکان...زۆربەی جاران مرۆڤ دەڕوانێتە ڕابردوو، و هەوڵ دەدات ژیانی ئەمڕۆی بە خەیاڵی ڕابردوو بەسەرببەرێت. لەحاڵێکدا بەشێکی تر لە مرۆڤەکان تەواوی وزەو ئامانجی سەرەکی خۆیان بۆ داهاتوو هەڵدەگرن. کە ئەمانە نە سبەینێیان هەیەو نە ئەمڕۆو زۆربەی هەرەزۆری لایەنگرانی ئەم شێوازی ژیانە بێ ئەوەی هیچ کات بە ئامانج و ئارەزووەکانیان بگەن سەردەنێنەوە. چونکە لەحاڵێکدا ئەمڕۆ سبەینێیەکی هەیە، سبەینێش سبەینێیەکی ترو بەم جۆرە ئەو سبەینێیە دەتوانی ڕەهەندێکی زەمانی تیۆری هەبێت و لەواقیعدا هەبوونی نەبێت. هەر لەم دیدەوەیە کە حاجی قادر دەڵێت:**

حاڵە نەقدینەیە، موستەقبەل و ماضی پەشمە،

**<u>یاریکردن بە واژە</u>**

**دەسترەنگینی و خەیاڵفراوانی لە شیعردا لەدەرەوەی واژەو ڕستە بەدیار ناکەوێت و هەرچی هەیە هەر لە ڕێگای ئەمانەوەیە. دەنا ئاست و ڕادەی جوانی لە دڵ و دەروونی شاعیردا هەرچەندێک بێت، ئەگەر توانای وەرگێڕانی ئەو جوانییە لە ڕێگای واژەو ڕستەوە لە توانای شاعیردا نەبێت، هەرگیز شیعرێکی جوان لەدایک نابێت. لێرەدایە کە گرنگی جوانی ساختی شیعر بە سەر پەیامدا زاڵ دەبێت. پەیامێک ئەگەر ببێتە هۆی لەدەستدانی جوانی هونەری شیعر، شیعر لە جیهانە هونەرییەکەی دێنێتە دەرەوەو دەیخاتە جیهانێکی تر کە مەرج نییە جیهانی شیعر بێت.**

ئەسپی ڕەش و سپی بە گرەو غاردەدەن بەتاو
وەک ڕۆژوسەو، دیارە لەشەو ڕۆژ دەباتەوە

**لەم بەیتەدا دوو چەمکی ڕەش و سپی سیمبۆلن بۆ باشی و خراپی، جوانی و ناشیرینی، خێروشەڕ... جوانی ئەم بەیتە لەو جێیەدایە کە شاعیر دەخوازێ بڵێت کە شەوو ڕۆژ وەک دوو ئەسپی ڕەش و سپین و چونکە هەمیشە ڕۆژ (ڕوناکی-سپیی) بەسەر شەو (تاریکی-ڕەش)دا زاڵ دەبێت. کەواتە پێویستە ئەسپی سپیش بەسەر هی ڕەشدا زاڵ بێت و لێێ بباتەوە. بەڵام چونکە وەها زەمانەتێک لە واقیعدا لە ئارادا نییە،و ئەسپی ڕەشیش دەکرێ لە سپی بباتەوە، بۆیە شاعیر هاوکێشەکە پێچەوانە دەکاتەوە. واتا ئەسپی ڕەش و سپی وەک شەوو ڕۆژ وان. لێرەدا پێویست بە زەمانەتێک نییە چونکە بەڵگە نەویستە کە هەمیشە ڕۆژ لە شەوی دەباتەوە.**

**لایەنێکی تری وەستایی حاجی قادر لە یاریکردن بە واژەو دەستەواژە، یەکخستنی دژەکانە:**

غەیری چاوی نووستوویی بێداری تۆ نەمدیتووە
بێ نەزەرکردن بەصیرو مەردومی هوشیارومەست

**لەم بەیتەدا دووچەمکی بێدارومەست، لە میسرەعی یەکەمدا. و هوشیارومەست لە میسرەعی دووەمدا ناکۆک و دژی یەکترن. واتا چۆن کەسێک لە یەک کاتدا دەتوانی هەم بێدار بێت و هەم نووستوو. هەم هۆشیار بێت و هەم مەست..! بەڵام لێرەدا چەمکی نووستوو واتایەکی ئیستیعارەیی هەیەو بەواتای خومار دێت. و خوماربوون حاڵەتی خەواڵوویی و تەنانەت نووستن بەچاو دەبەخشێت. یانیش دەکرێ ئەو واتایەی هەبێت کە کەسێک بێ دیتنی ڕاستەوڕاست لەڕێگای چاوەوە، لەدەروونەوە هەست بە جیهانی دەوروبەرو دەرەوەی خۆی بکات و بێ ئەوەی شتەکان بە چاو ببینێت لەڕێگای هەست و عەقڵەوە دەرکیان پێ بکات. ئەم واتایەش پتر لە میسرەعی دووەمدا دەردەکەوێت کە بێ ڕوانین (نەزەرکردن) مرۆڤی عاشق (هوشیارومەست) ببینێت. مرۆڤی عاشق هۆشیارەو لە ڕووی هۆشیارییەوە عاشق دەبێت، و لەهەمان کاتدا لەو عەشقەدا دەتوێتەوەو مەست دەبێت.**

**یان:**

کوڕانی دوو (هەوێ)ن دنیاو عوقبا

میسالی دایکیانن ئەو لەگەڵ ئەم

**لەم بەیتەشدا وێکچواندنێکی جوانی جیهان و ئاخیرەت کە هەم دژی یەکترو هەم پێکەوەن، بە دوو برا کە لە باوکێک و دوو دایکن. دوو دایک کە هەوێی یەکترن گەرچی لە یەک خانەوادەو لە بن میچی خانوێکیشدا بن، هیچکات پێکەوە ناسازێن و هەڵناکەن. مەرگ و ژیانیش هەر بەو جۆرەیە کە هەم دژی یەکترن هەم هەبوونیان بێ یەکتر هەرگیز نابێت.**

**لە کۆتایی ئەم باسەدا دەڵێم کە حاجی قادر شاعیرێکی مەزنە، و ئەگەر بەووردی شیعرەکانی بخوێنینەوەو بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە پتر هەڵیانسەنگێنین، لەکاتێکدا کە وەک بەرهەمی هەرشاعیرێکی تری مەزن ڕەنگە لایەنی لاوازیان تێدا هەبێت، بە دڵنیاییەوە زۆر لایەنی بە هێزیشیان تێدا دەبینینەوە. بەڵام لەمە گرنگتر ئەمەیە کە بێ گوێدانە باشی و خراپی، زۆر لایەنی شاراوە  کە شیاوی لێکۆڵینەوەبن، دەبینینەوە.**

**سەرچاوەو پەراوێزەکان**

1- تەواوی نموونەی شیعرەکانی حاجی قادر لەم باسەدا لە (دیوانی حاجی قادریی کۆیی) لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا. پێداچوونەوەی مەسعود محەمەد. لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان-1986. وەرگیراون. لە نووسینەوەی شیعرەکانیشدا گەرچی ڕێنووسی شیعرەکان بە بڕوای من هەڵەی زۆریان تێدایە، بەڵام لەم ڕووەوە دەستکاریم نەکردوون و بەوجۆرەم نووسیونەوە کە لە دیوانەکەدا هاتوون.

2- شایانی گوتنە کە ئەم دابەشکردن و هەڵسەنگاندنە، شیعرە جووت سەرواکانی حاجی قادر ناگرێتەوە.